# شەبەنگی
# زوانی کوردی هۆرامی
# لە گاساکان تا ...

کۆمەڵەوتار:
مێژوویی / زوانەوانی

نووسین و لێتۆژینەوە:
عادڵ محەمەدپوور

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

# شەبەنگی
# زوانی کوردی هۆرامی
# لە گاساکان تا ...

کۆمەڵە وتار:

مێژوویی/ زوانەوانی

نووسین و لێتوێژینەوە:

**عادڵ محەمەدپوور**

لەسەر ئەرکی بەڕێز جەمیل هەورامی لە چاپدراوە

لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان

ژمارەی سپاردنی (١٤٣٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ ی وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە
چاپ: چاپخانەی بابان
تیراژ: ٥٠٠ دانە
قیمت : ١٥٠٠ تمەن

کوردی هورامی سامانێکی به پێز بۆ زوانی ستانداردی کوردی ...... ٧
ئاخێزگەی جوغرافیایی/مێژوویی زوانی کوردی و پێوەندی ......... ٤١
ئۆرۆمۆن (هۆرامان) لە توێژاڵی دەمقاڵەوە بۆ مەدلوولی راستەکی . ٦١
کوردستان، هۆرامان، پیرشالیار ............................٧٥
هورمزگان سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نویساری کوردی .........١٠٣
لێکۆڵینەوەیەکی زوانەوانی لە سەر دەستەواژەی مەریوان .......... ١١١
مێژوو، کورد، نزامی گەنجەیی .............................. ١١٩

## چەند پەیڤێك بۆ پێشەكی

خوێنەرانی ئازیز- ئەم كتێبەی لە بەردەستتدایە یەكێكە لە بەرهەمەكانی نووسەر و توێژەر (عادل محەممەد پوور)، ئەم كەسە ناوێكی نەناسراو نییە هەتاكو من بە ئێوەی بناسێنم، لەوەش گەوترە پێناسەیبكەم، چونكە چەندین ساڵە وەك رۆشنبیرێكی دیار و دەركەوتووی ناو هەورامی زمانان ناسنامەی رۆشنبیری خۆی هەڵگرتووە.

وەك خۆم بە چەند بەرهەمێكی دیدەمەست بووم، لە خوێندنەوەیانەوە هەر زوو بۆمدەركەوتووە، بەرهەمی كەسێك دەخوێنمەوە نەوەك هەر خاڵی نییە، بەڵكو بە رادەی لێوان لێو پڕە و هەندێكجاریش لێیدەڕژێت، لەوەش دڵنیابووم هەر خوێنەرێك نووسینەكانی بخوێنێتەوە هەمان هەستی لا درووستدەبێت، (محەممەد پوور) ئەو كەسە نییە لە ناو سروشت و سوننەتدا بژی ونووسنەكانی لە سەر تەنها مۆدێلێكی چەقبەستوو لە قاڵبىدات، ئەم دەیەوێت بە دنیایەك لە سەلیقە و ژیرییەوە سروشت و سوونەت بخوێنێتەوە و پەیامی وردوخاشكردنی قاڵبە دارێژراوەكانی پێیە، ناخوازێت بۆ لای خوێنەر بێتە خوارەوە، بەڵكو مەبەستییەتی دەستی خوێنەرەكەی بگرێت و بەوردەكارانە لە خۆی نزیكبكاتەوە،